له بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# بایەخی سیواك

## له ڕوانگەی زانست و شەرعەوە

ئامادەکردنی

مامۆستا هێمن ئەحمەد

-----------------------------------------------------------------------

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صالّح - پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاك بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على من لا نبيّ بعده:

## **پێناسەی سیواک:**

**سیواك**: بریتی یـە لـەو دارەی کـە دەهێنرێـت بـەم نـاو دەم و ددانـەکانی مرۆڤدا بە مەبەست پاك کردنەوە و بۆن خۆش کردنی[١].

## **شوێنی گەشەکردن و ناساندنی:**

ڕوەکی (سیواك) لە ناوچەی گەرم و ئیستیوائی گەشە ئەکات، زیاتر لـەناو دۆڵی بیابانەکان دەژی، لەسەر چیاکان کـەمتر ئـەڕوێ، بـە زۆری لـە وولاّتـی سـعودیە وسـودان و هینـد و میصـردا دەژی، شـێوەکەی لـەڕوەکی هـەنار دەچـێت، و درێژییەکەشـی دەگاتـە نزیکـەی دوو مـەتر، وە نـاوە زانستییەکەشی بریتییە لە:

*Salvadora perisaulium.*

---

[١] انظر كتاب: "سنن الفطرة" ص: (١٧ ـ ١٨) .

## ◘توێژینەوەی پزیشکی:

توێژەرەوە پزیشکییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە سیواك دەوڵەمەندە بەمادەی خاوێن و پاکژ کەرەوە و قەبز کردن، و گرتنەوەی خوێن بەربوون، و نەهێشتنی گەنین، و کوژەری میکرۆب.

## ◘ پێکهاتەی کیمیایی:

سیواك پێکهاتوی ئۆرۆماتی (عەتری) و بیکاربۆناتی سۆدیۆمی تێدایە کەتوانای لەناو بردنی زیندەوەری وردبینی (میکروبات)ی هەیە، هەروەها لە تالّی سلیلۆزی و مادەی کلۆرۆفۆرم و ئەثیری و پیترۆڵی و میثانۆڵ و سابون و تانین و خوێی کانزایی – وەك خوێی چێشت – پێك هاتووە[٢].

## ◘ چۆنێتی بەکارهێنانی:

چلّێك لەم دارە وەرئەگیرێت (کە لە بازارەکان بەئامادەکراوی هەیە) وەسەری چلّەکە بە درێژایی (١ـ ٢) سم، دەتاشرێت و توێکەڵ دەگیرێت و پاش کوتانی یان ڕاستەوخۆ دوای بە کارهێنانی (بەتایبەتی کە خاو و تەڕ بێت دەم و زمانیش ئازار نادات) زوو شێوەی فلّچەیەك وەر ئەگرێت، وە بە شێوەی لێکخشاندن و سواندن بەسەر ددانەکان (دَلْكُ الأسنان) و زماندا ئەهێنرێ، وە موبالەغەکردن لە سیواك کردن دا ئەنجامێکی تەواوتر و باشتر ئەبەخشێ و سوننەتە، (ابن القيم) فەرموویەتی: (زیادڕەوی کردن لە سیواك

---

[٢] گۆڤاری ڕەنگین ژمارە: (٢١)، لاپەرە: (٣٤) .

کردنـدا قەتماغـە (بەڵغ)ی‌ـددان لائـەبات و لـوس و جـوانی ئـەکات وبـەهێزی ئەکات، زمان پاراو ئەکات و لە کلۆربوون دەیپارێزێت، و بۆنی خۆشە و دەماغ و هەست ساف ئەکات وئارەزوی خواردن زیاد ئەکات)[٣].

(أبـو موسى الأشعري ﵁) فەرموویـــەتی: ((أتيـت النبي (ﷺ) وهـو يستاك بسواك رطب، قال: وطرف السواك على لسانه، وهو يقول: أُع أُع، السواك في فيه كأنّه يتهوع))[٤].

واتە: هاتم بۆ لای پێغەمبـەر (ﷺ) بینـیم سـیواکی دەکـرد بـە سـیواکێکی تەڕ، و سەری سیواکەکە بە سەر زمانی‌یەوە بوو، و دەیـووت: ئـووع ئـووع، و سیواکەکەش لە ناو دەمیدا بوو وەکو بڵێی دەڕشایەوە .

ئەمەش مانای موبالەغە کردنێتـی لەسـیواك کردنـدا بـۆ خـاوێن کردنـەوە و داماڵینی ئەو بەڵغ و زەردایی‌یەی کە ددان گرتویەتی، وە بۆ وەدەست هێنانی پاداشت و پاك کردنەوەی دەم، هەروەك (عبدالله)ی کوڕی (عومـەر) (﵄) لـە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) بۆمـان دەگێڕێتـەوە و دەفـەرموێ: ((عليكم بالسواك فإنّه مطيبة للفم ومرضاة للرب))[٥].

واتە: پەیوەست بن بە بەکارهێنانی سـیواکەوە چـونکە سـیواك پـاك کـەرەوە و بۆن خۆشکاری دەمە و ڕەزامەندی خوایشە.

---

[٣] زاد المعاد من هدي خير العباد: (٤ / ٣٢٢ ـ ٣٢٣) .

[٤] صحيح البخاري رقم: (٢٤٤) .

[٥] صحيح الترغيب والترهيب رقم: (٢١٠) .

وە باشتر وایە کە ئەو سیواکەی بەکاری دەهێنی ماوە ماوە بەشە بەکار هێنراوەکەی ببڕدرێت و پاك بکرێتەوە، بۆ ئەوەی کەڵکی زیاتر لێ وەربگیرێت و پاك ڕابگیرێت .

هەروەها سوننەتە سیواك کردن بە دەستی چەپ بکرێت، لەم بارەوە پرسیار کرا لە (شيخ الإسلام ابن تيمية): ئایا سیواك بەدەستی ڕاست ئەکرێ یان بە دەستی چەپ؟ وەکامیان باشترە؟ لە وەڵامدا فەرموی: سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە، باشتر وایە بەدەستی چەپ بکرێت، ئەوەش وتەی ئیمامی ئەحمەدی لەسەرە لە ڕیوایەتی (ابن منصور)دا باس کراوە، وە نەمان زانیوە هیچ کەسێك لەو ئوممەتە پێچەوانەی ئەمە بێ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە سیواك کردن لە بابی پاککردنەوە و داماڵینی پیسیەیە، وەکو پاککردنەوەی لوت و تارات کردن (الاستنثار والاستنجاء)[٦].

## سودو پاداشتەکانی سیواک کردن:

دیارە پێغەمبەری ئازیزمان (ﷺ) هەر شتێك کە خێر و پاداشتی بۆ ئوممەتەکەی تێدا بێت، پێی ڕاگەیان دوین و هۆشیاری کردوینەتەوە و فەرمانی پێ کردوین هەر وەکو خۆی ئەفەرموێ: ((ما تركت شيئاً يقربكم إلى الله إلاَّ وأمرتكم به))[٧].

---

[٦] مجموع الفتاوى: (١ / ١٠٨) .

[٧] انظر: سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم: (١٨٠٣) .

ئـەوەتا لــە ســود و پاداشــتی ئــەم دارە موبارەكــەش هۆشــیاری داوەو موسڵمانانی هان داوە لەسەر بەكار هێنانی، وەك دەفەرموێت:

((أكثرت عليكم في السواك))[٨].

واتە: زۆرم لێ كردون و پێم ووتون لە سیواك كردندا .

وە (ابن عباس ﵄) فەرموویەتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:

((لقد أمرت بالسواك حتى ظننت أنه ينزل علي فيه قرآن أو وحي))[٩].

ئەم سور بوونەی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر بەكار هێنانی سیواك لە تەواوێتی ئامۆژگاریەكان و خۆشەویستیيەتی بۆ ئۆممەتەكەی، وە ئـەوە دەگەیـەنێت كەوا چۆن ئارەزوی لەپاك و خاوێنی و بۆن خۆشی بووە و ڕقیشی لە پیسی و پۆخەڵێتی و بۆنی ناخۆش بووە، چونكە هـەروەك دیـارە لـەدوای خـەوتنێكی زۆر تام و بۆنی ناو دەم دەگۆڕێ و ناخۆش دەبێ بۆیـە پێغەمبـەر (ﷺ) كـە هەڵسـاوە لەخــەو پــێش هــەموو شــتێك ســیواكەكەی بـەناو دەم و ددانــی دا هێناوە، تا تام و بۆنە ناخۆشەكەی ببڕێت، وەك دەفـەرموێت: ((السواك مطهرة للفم ومرضاة للرب)) .

---

[٨] صحيح البخاري رقم: (٨٤٨) .

[٩] صحيح الترغيب والترهيب رقم: (٢١٣) .

## ئەمانەی خوارەوەش بریتین لە چەند سودێکی سیواك [١٠]:

١ ـ بەکارهێنانی سیواك مانای جێبەجێ کردن و شوێن کەوتنی سوننەتی پێغەمبەرە (ﷺ) بەوەش چاکەکانمان بەرەو زیاد بوون دەچێ و لە پەروەردگارمان نزیك دەبینەوە و بەر ڕەزامەندی خوا ئەکەوین إن شاء الله.

٢ ـ بەهۆی بوونی سابون لەناویدا ناو دەم پاك دەکاتەوە، و بەکتریای ناوی لەناو دەبات، ناوەندێکی ترشەڵۆکی وا دروست دەکات، ددان لە توانەوە دەپارێزێ و توشبون بە شێرپەنجەی ناو دەم کەم دەکاتەوە.

٣ ـ ماددەی تانین لەسیواك دا پوك توند و تۆڵ دەکات و بەهێزی دەکات.

٤ ـ ڕێژەی کلۆر بوونی ددان کەم دەکاتەوە، هەرچەندە بەزۆری مادەی شەکر و کاربۆهایدراتیش بخورێت [١١].

٥ ـ گەدە چالاك و باش دەکات و یارمەتی هەرس بوونی خۆراك دەدات.

٦ ـ زۆر بەکارهێنانی سواك زمان پاراو دەکات و قسەکردن ئاسان دەکات، لەسەرە مەرگیشدا یارمەتی شایەتمان هێنانت دەدات، هەروەها دەنگ ساف دەکات.

---

[١٠] تێبینی: ئەم سودانەی هێناومن و ریزم کردون, لە تیکەلاوی ئەو سەرچاوانە وەرم گرتون کە ئاماژەم بۆ داون لە پەراوێزەکاندا بەتایبەتی(گۆڤاری ڕەنگین و الطب النبوي) بۆیە بە پێویستم نەزانی یەکە یەکە ئاماژەیان پێ بدەم.

[١١] داری سیواك بەڕێگەی کیمیاوی و میکانیکیش ددان خاوێن دەکاتەوە, هەروەها ئەو فلۆرەی لەسیواکدا هەیە ڕێژەی ئەو ترشەی بەکتریای ناو دەم دەری دەدات کەمی دەکاتەوە, جگە لەوەش لەگەڵ گەردەکانی چینی مینا یەك دەگرن, ئەمە دەبێتە هۆی کەم بونەوەی کلۆربون.

٧ ـ چالاك و گورج و گۆڵت دەكـات بـۆ خوێندنـەوە و زیكـر كـردن و نوێـژ كردن، هەروەها خەو ڕەوێنە و چاو و بینینت ساف دەكات .

٨ ـ بـەهۆی ماددەی سـلیكات كەلـە سـیواك دا هەیـە ددان لـە زەردبـوون دەپـارێزێ (بـەڵكو سپیشـی دەكاتـەوە)، كـە ئەمـەش بەڕێگـەی میكـانیكی ڕوودەدات.

٩ ـ پـوك بـەهیز دەكـات و هانیشـی دەدات تـا مـادەی دژی كلـۆر بـوون دەربدات، هەروەها بەڵغەم ناهێڵێت.

**ڕوون كردنەوەیەك:**

ئەمانە چەند سودێك بوون لە سـودەكانی دار سـیواك، بـێ گومـان سـودی تریشی هەیە بۆ نەخۆشییەكانی كۆئەندامی هەرس و هەناسـە و میـز و زاوزێ و ڕیخۆڵە.

هەر ئەم سود و كەڵكانـەش بـووە ئـەمڕۆ هـانی كۆمپانیـا بازرگانییـەكانی بەرهەم هێنانی (مەعجونی ددان)ی داوە بە شێوەیەكی ڕاسـتەوخۆ سـود لـەم دارە بەكەڵكـە وەربگـرن، وە بتـوانن باشـترین و بـەنرخ تـرین (معجـون)ی لێ دروست بكەن، یا بەشێوەی ناڕاسـتەوخۆ لەهـەمان پێكهاتـەكانی سـیواك، لـە موادی كیمیایی مەعجونی لێ دروست بكەن .

گومانی تێدا نییە کە بەکار هێنانی معجون سودی هەیە بۆ ددان، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا زیان (سلبيات)ی زۆریشی هەیە، بە پێی سەرچاوەیەك لە (ئینتەرنێت)ەوە ڕاگەیەنراوە کە زۆرێك لەم معجونانە بەهۆی زۆر بەکار هێنانیانەوە نەخۆشی شێرپەنجە (سەرەطان)ی لێ ئەکەوێتەوە، ئەمە جگە لە زیانەکانی فلّچەش کە پوك بریندار ئەکات و چینە دەرە سپیەکەی ددانیش کە بە (مینا) ناو ئەبرێت زوو ئەڕنێ و تەنکی ئەکات، وە سەرەڕای ئەمانەش پزیشکانی ددان دەڵێن کە ددان شوشتن بە معجون کاتێ سودی ئەبێ کە بۆ ماوەی (پێنج دەقیقە) لەناو دەم ودان بمێنێتەوە، بەلاَم هەرچی سیواکە هیچ زیانێکی لێ ناکەوێتەوە، بە بەکارهێنانی تەنها سودمەند دەبێت و ڕاستەوخۆش سودی خۆی ئەگەیەنێت.

## ئەو کات و ساتانەی کە سیواك کردن تێیدا سوننەتە:

سواك کردن لەهەموو کات و ساتێکدا سوننەتە بەلاَم لەم چەند شوێنەدا پیغەمبەر (ﷺ) تەئکیدی لەسەر کردۆتەوە:

### ١ - لەکاتی دەست نوێژ گرتن:

عن أبي هريرة(رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): ((لولا أنْ أشق على أمتي لأمرتهم بالسواك مع الوضوء))[١٢].

[١٢] صحيح سنن ابن ماجه رقم: (٥٣١٦) .

واتە: ئەگەر بارگرانی (مەشەقەت)[١٣] نەبوایە لەسەر ئوممەتەکەم ئەوا لەگەڵ دەست نوێژ هەڵگرتندا سیواکم فەرز دەکرد .

## ٢ – لە کاتی نوێژ کردندا:

عن أبي هريرة (رضي الله عنه) عن النبي (ﷺ) قال: ((لولا أنْ أشق على أمتي لأمرتهم بالسواك عند كل الصلاة))[١٤].

وفي لفظ آخر: ((لولا أنْ أشق على أمتي لفرضت عليهم السواك عند كل الصلاة كما فرضت عليهم الوضوء))[١٥].

**واتە: ئەگەر بارگرانی نەبوایە لەسەر ئوممەتەکەم ئەوا سیواك کردنم فەرز دەکرد لەگەڵ هەموو نوێژکردنێکدا هەروەکو چۆن دەست نوێژم فەرز کردوە لەسەریان .**

---

[١٣] بێ گومان فەرز نەکردنی سیواك بەکارهێنان لەسەرمان لە لایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) حیکمەتی ئەوەی تێدایە کە نەبێتە بارگرانی (مەشەقەت) بۆ سەر ئوممەتەکەی کە ئەمەش بەرژەوەندی یەکی گەورەی تێدایە چونکە لابردن و دورخستنەوەی خراپە و زیان لە پێش هێنانی بەرژەوەندیيە: (درء المفاسد, مقدم على جلب المصالح) کە ئەمەش بنچینەیەکی فیقهی یە و شەریعەتی لەسەر بنیات نراوە, بۆیە پێغەمبەری ئازیزمان (ﷺ) لەوە ترساوە کە لەسەر ئوممەتەکەی فەرز بکات چونکە لەوانەیە نەتوانن هەڵسن بە بەجێ هێنانی, بەمەش خراپەیەکی گەورە لەسەر ئوممەت دروست ئەبێت بە تەرك کردن یا ئەنجام نەدانی واجبێکی شەرعی .

بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) بەردەوام کار ئاسانی ویستوە بۆ موسڵمانان هەروەك عائیشە فەرموویەتی: ((ما خُيِّرَ رسول الله (ﷺ) بين أمرين إلاَّ اختار أيسرهما ما لم يكن إثماً)) صحيح البخاري رقم: (٥٧٧٥) وصحيح مسلم رقم: (٢٣٢٧) .

واتە: هیچ کاتێك نەبووە پێغەمبەر (ﷺ) بخرێتە نێوان هەڵبژاردنی دوو شتەوە ئیللا ئاسترینیانی هەڵبژاردووە ئەگەر تاوان نەبووبێت .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر تەئکیدی لەسەر ئەم سوننەتە کردۆتەوە و موسڵمانانی هان داوە لەسەر جێ بەجێ کردنی, لەبەر ئەو هەموو خێر و پاداشت و سودانەی کە هەیەتی .

[١٤] صحيح البخاري رقم: (٨٨٧) وصحيح مسلم رقم: (٢٥٢) .

[١٥] صحيح الترغيب والترهيب رقم: (٢٠٨) .

## ٣ – لە كاتی قورئان خوێندن دا:

عن علي (رضي الله عنه) قال: ((أمرنا بالسواك)) وقال: ((إنّ العبد إذا قام يصلي أتاه ملك فقام خلفه يستمع القرآن ويدنو، فلا يزال يستمع ويدنو حتى يضع فاه على فيه، فلا يقرأ آية إلاّ كانت في جوف الملك))[١٦].

**واتە: عەلی (رضي الله عنه) دەفەرموێ: فەرمانمان پـێدەكرا بـە سـیواك كـردن، وە دەفەرموێ: بەڕاستی ئەگەر بەندە هەستێت بۆ نوێژ كردن فریشتەیەك دەچێ بۆ لای لە پشتیەوە ئەوەستێ و گوێ لە قورئـان خوێندەنەكـەی دەگـرێ و لێ ی نزیك دەبێتـەوە، جـا بـەردەوام گـوێی لێ ئـەگرێو لێـی نزیـك ئەبێتـەوە، هەتاوەكو دەمی ئەخاتە سەر دەمی، جا هیچ ئایەتێك ناخوێنێت ئیلا ئەچـێتە ناو بۆشایی سكی فریشتەكەوە.**

## ٤ – لەكاتی گەڕانەوە بۆ ماڵ:

عن مقداد بن شريح عن أبيه قال: ((سألت عائشة قلت: بأي شيء كان يبدأ النبي (صلى الله عليه وسلم) إذا دخل بيته؟ قالت: بالسواك))[١٧].

**واتە: مقداد ئەگێڕێتەوە لـە باوكیـەوە كـە پرسـیاری كـردوە لـە عائیشـە (خوای لێ ڕازی بێت)، ئایا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) كاتـێ گەڕاوەتـەوە ماڵـەوە بەچـی دەستی پێكردوە ؟ ئەویش لە وەڵامدا فەرمویەتی: بە سیواك كردن .**

---

[١٦] سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم: (١٢١٣) .

[١٧] صحيح مسلم رقم: (٢٥٣) .

## ٥ - لە کاتی هەڵسان لەخەو (یا بۆ شەو نوێژ):

عن حذيفة (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قال: ((كان رسول الله (ﷺ) إذا قام ليتهجد يشوص فاه بالسواك))[١٨].

**واتە: پێغەمبەر (ﷺ) ئەگەر هەستایەتەوە بۆ شەو نوێژ ئەوا دەمی بە سیواك پاك ئەكردەوە .**

وعن ابن عباس (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا) قال: كان رسول الله (ﷺ) يصلي بالليل ركعتين ركعتين ثم ينصرف فيستاك))[١٩].

## * ڕۆژووان سیواك بە كار دەهێنێت لە هەموو كاتێكدا:

**هەروەها لەكاتی گۆڕانی تام و بۆنی ناو دەم و بۆ ڕۆژەوانیش هەر سوننەتە لە هەموو كاتێكدا لە بەر گشتگیری ئەو فەرموودانەی كە لەم بارەوە هاتون، وە لەبەر پێویست بوونی ڕۆژووەوان بۆ سیواك، وە چونكە ڕەزامەندی خوای تێدایە و لەكاتی بە ڕۆژوو بوونیشدا بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوا زیاتر پێویست و داواكراوە، وەك لەكاتی بی رۆژووبوونی دا، چونكە سیواك پاك كەرەوەی دەمە و پاكو خاوێنیش بۆ رۆژووەوان لە باش ترین كردەوەكانێتی.**

---

[١٨] صحيح البخاري رقم: (٢٤٥) وصحيح مسلم رقم: (٢٥٥) .

[١٩] صحيح سنن ابن ماجه رقم: (٢٨٨) .

**بەڵگەش لە سەر ئەمە:**

وقال البخاري: (كان ابن عمر (رضي الله عنهما) يستاك أول النهار وآخره)[٢٠].

**واتە: ابن عمر (رضي الله عنهما) دەفەرموێ: لە سەرەتاو كۆتایی ڕۆژدا سیواكی ئەكرد.**

## سوودێك:

جاء في كتاب " نظم الفرائد مما في سلسلتي الألباني من فوائد " لعبد اللطيف بن محمد بن أبي ربيع: (مشروعية الاستياك للصائم في أي وقت شاء ... (باب مشروعية الاستياك للصائم في أي وقت شاء: حديث: "كان يستاك آخر النهار وهو صائم " . باطل . " الضعيفة " برقم: (٤٠٢) .

**فائدة:** ويغني عن هذا الحديث في مشروعية السواك للصائم في أي وقت شاء أول النهار أو آخره عموم قوله (صلى الله عليه وسلم): "لولا أن أشق على أمتي، لأمرتهم بالسواك عند كل صلاة" . متفق عليه، وهو مخرج في " الإرواء " رقم: (٧٠) . وما أحسن ما روى الطبراني في " الكبير ": (٢٠ / ٧٠ / ١٣٣)، وفي "مسند الشاميين": (٢٢٥٠) بإسناد يحتمل التحسين عن عبد الرحمن بن غنم قال: "سألت معاذ بن جبل: أأتسوك وأنا صائم؟ قال: نعم . قال: أي النهار أتسوك؟ قال: أي النهار شئت غدوة أو عشية . قلت: إن الناس يكرهونه عشية، ويقولون: إن رسول الله(صلى الله عليه وسلم) قال: لخلوف الصائم أطيب عند الله من ريح المسك؟ فقال: سبحان الله! لقد أمرهم بالسواك، وهو يعلم أنه لا بد أن يكون بفي الصائم خلوف وإن استاك، وما كان بالذي يأمرهم أن ينتنوا أفواههم عمداً، ما في ذلك من الخير شيء، بل فيه شر، إلا من ابتلي ببلاء لا يجد منه بداً . قلت: والغبار في سبيل الله أيضاً كذلك؛ إنما يؤجر من اضطر إليه، ولا يجد عنه محيصاً؟ قال:

---

[٢٠] فتح الباري: (٤ / ١٩٦) .

نعم، فأما من ألقى نفسه في البلاء عمداً، فما له في ذلك من أجر " . وقال الحافظ في " التلخيص " ( ص ١٩٣ ): " إسناده جيد " ، ...)[٢١] ا.هـ

**هەروەها** (ابن القيم) **فەرموویەتی: (بەڕاستی بەڵگەی ڕاست و صەحیح نیيە کە پێغەمبەر (ﷺ) نەهی لە ڕۆژووەوان کردبێ سیواك بەکار بێنێ، نە لەسەرەتاو نە لە کۆتایی ڕۆژدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە لێ ی ڕیوایەت کراوە)**[٢٢].

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

---

[٢١] نظم الفرائد مما في سلسلتي الألباني من فوائد: (١ / ٥٢٨ ـ ٥٢٩) .

[٢٢] زاد المعاد: (٢ / ٦٣)، وانظر: "الطب النبوي" لابن القيم نفسه: (١ / ٢٤٩) .